مەشهەدانی جەخت لەسەر گرنگی هەماهەنگی نێوان دەزگا ئەمنییە جیاوازەکان دەکاتەوە بە پاراستنی ئاسایشی بەغدا

مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران جەختی لە گرنگی هەماهەنگی نێوان دەزگا ئەمنییە جیاوازەکان کردەوە بە پاراستن و پتەوکردنی ئاسایشی بەغدا.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی نوێنەران لە بەیاننامەیەکدا کەدەستی ئاژانسی "موتەع" گەیشتووە ڕایگەیاندووە، کە:مەحمود مەشهەدانی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران، پێشوازی لە لیوا وەلید تەمیمی فەرماندەی ئەپراسیۆنەکانی بەغدا کردووە و لە کۆبوونەوەکەدا باس لە ئامێنگاریە ئەمنییەکانی بەردەم بەغدا و پشتێنەکەی کرا، هەروەها ئەو هەوڵانەی دراون بە بەرێنگاربوونەوەی تیرۆر و پتەوکردنی هاوکاریی نێوان هێزە ئەمنییەکان و خەڵکی پایتەخت.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکە، سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران جەختی لە: "گرنگی هەماهەنگی نێوان دەزگا ئەمنییە جیاوازەکان و هاووڵاتیان بە پتەوکردنی سەقامگیری و پاراستن و بەهێزکردنی ئاسایشی بەغدا"کردەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە: "سەرۆک مەشهەدانی گوێی لەو بەچوونانە گرت کە لەلایەن فەرماندەیی ئەپراسیۆنەکانەوە پێشکەشکرا و پلانەکانی داهاتوو بە پتەوکردنی ئاسایش لە جەرگەی پایتەخت و کارکردن بە پاراستنی پشتێنەی بەغدا لە دزێکردنی تیرۆریستان. هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا

باس لەو هەوڵانە کرا کە دراون بە پتەوکردنی ئاسایش و سەقامگیری لە بەغدا و پشتێنەکەی".